

# رازاوەیی لە
# ێکسسوارە کوردی
# و بیانییەکاندا



ئێکسسوارەکان بە گشتی کاردەکەن لە جوانییەکی رازاوە و تایبەت لە جوانکاری جەستە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بیرۆکەکان بۆ پێناسەکردنی شێوەی ئێکسسوارەکان بێ، لێرەدا دەبێ خانمانی کورد گرنگی بە ملوانکەی خۆماڵی بدەن، زیاتر ئەوانەی لە مۆری و مەرجان دروستکراون، چونکە دیمەنێکی رازاوە و ناسك دەبەخشن، کەچی مۆدەکانی دیکەش هەمان سوودی دەبێ، لەگەڵ ئەوەی شێوەیەکی بەرچاوی هەیە، وەك ئەو سێتە ملوانکانەی دەیبینن، جوانی ئەو سێتانە لە شێوەی نەخشی ملوانکەکانەوە دێ، کە بە ناسکی و سادەیی دروستکراوە، دەبێتە هۆکاری جوانییەکی گەورە و رازاوە لە ملی خانمان، بەڵام زیاتر با هەوڵەکان بۆ ئێکسسوارە کوردییەکان بن، چونکە جوانی ئێکسسواری کوردی، خۆی لە جوانی ئێکسسوارە بیانییەکان دەدات و تەنانەت جوانتریش دەردەکەون.

## دانانی تەسریحەی جوان بۆ قژ

کاری تەسریحەکان رەنگە کاتێکی زۆر ببات لە کاتی خانمان، ئەمەش بەهۆی دانانی تەسریحەیەکی جوان و تایبەت بۆ قژ، کەچی لە هەندێك حاڵەتدا خانمان ئەو کاتەیان نابێ بۆ ئەوەی بە جوانی قژەکانیان ئامادە بکەن، لێرەدا دەبێ تەسریحەیەکی سادە و کراوە ئەنجام بدەن، بۆیە بیر لەم لایەنەش کراوەتەوە بۆ یارمەتیدانی خانمان، بە تایبەت لەکاتی کارکردن لە ماڵ یان خەریك بوونیان بە کاروباری دەرەوە.



لێرەدا دەکرێ بە تەسریحەی سادە یان قژی هەڵگراو، مۆدەیەکی جوان و تەسریحەیەکی رازاوە بە دەست بهێنین، ئەمەش دەکەوێتە سەر ئەستۆ و حەزی ئەو خانمەی کە قژی ئامادە دەکات، ئەو چەند وێنەیە دەبێتە نموونەیەك بۆ تەسریحەی سادە کە جوانییەکی سەرنجراکێش و جوان لەخۆ دەگرێ.

## مۆدەی جلوبەرگی





جلوبەرگ هێمایەکە بۆ نیشاندانی کەسایەتی، یان پابەندە بەو شوێنەی کە بۆ دەپۆشرێ، بۆ نموونە: جیاوازی جلی قوتابییەکی زانکۆ لەگەڵ جلی خانمێك کە بچێ بۆ دەرەوە زۆرە، بۆیە دەبێ خانمان ئاگاداری ئەو لایەنە بن و ئەو جلە بپۆشن کە بۆ کات و شوێنی دیاریکراو مەبەستە، لێرەدا دەمانەوێ باسی جلی قوتابیانی زانکۆ بکەین،

# دیکۆری ژووری نووستن لە وەرزی زستاندا





دیکۆری ماڵ بەپێی وەرزەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێ، هەر وەرزێك بەپـێ پلەی گەرمی و یان ئەو کەشــەی دەردەکەوێ، دەبێ کاری دیکە بۆ دیکۆر و شــوێنەکانی ماڵ ئەنجام بدەین، لێرەدا دەبێ تیشــك بخەینە سەر ژووری نووستن و کەرەســتەکانی نووستن، چونکە پابەندە بە جوانی و رازاوەیی ماڵەکەت، تەنانەت دەبێتە هۆی دیکۆرێك کە هەستی مرۆڤ خــۆش بکات کاتێك لە ژووری نووســتن بە دیکۆرێکی جــوان و رازاوە ئامادە دەکرێ. یەکێك لە گرنگترین بەشــەکانی ژووری نووستن بریتییە لە پێخەف و سیســەمەکان، ئەمەش بە گوێرەی ئەو کەرەســتە و رەنگانە دەبێ کە کەرەســتەکانی لێوە دروست کراون، هەوڵبدە رێکخستنێك دروست بکەیت لەنێوان رەنگ و شێوەی کەرەستەکان، واتە هەر کەرەســتە لە شوێنی تایبەت بە خۆی دابنرێ، بەم رێگەیە دەتوانین دیمەنێکی جــوان و رازاوە لە دیکۆری ژووری نووستن ئامادە بکەین.



# قوتابیانی زانکۆ



جلی ئەو خانمانە دەبێ بەشــێوەیەکی کراوە و پڕ کەســایەتی بێ، لەگەڵ ئــەوەی مۆدەیەکی جــوان و رازاوە ببەخشێ.

جلی خانمانــی قوتابیانی زانکۆ، چاکترە رازاوە و لە رەنگە ســادەکان بن، دەبێ دوور بێ لە نەخشی زۆر و رەنگاوڕەنگ، ئەمەش وادەکات جلێکی رازاوە و جوان لەخۆ بگرێ، وەك ئەو چەند نموونەیەی دەیبینن.

بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: ئیوان گەردی بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :

Mobile: 07504679560 Email: iwan_gardi@hotmail.com

## جیاوازە (١٠٠٪)



هونەرمەند و ئەکتەرەکان چەندین شێوەی جیاواز لەخۆ دەگرن کاتێك لە کاتی نواندن لـــە فیلمەکان، شـــێوەیان بە تەواوی دەگۆڕێ و دیمەنێکی دیکە لە شـــێوەیان دەنوێنـــن، وەکو ئـــەو خانمەی دەبینین کە شێوەی لە (١٠٠٪) گـــۆڕاوە، ئەو ئەکتـــەرە ناوی (تشـــارلیز تیرۆن)ـە کە خۆی خەڵکی باشـــووری ئەفریقیایە، وەکو لە هەردوو وێنەکان دەبینن چەندە جیاوازیان هەیە.





## سارده‌مه‌نییه گه‌رمه‌کان

کاتێك وەرزی زستان دێ، لەگەڵ خۆیدا ئەو خواردن و خواردنەوە دەهێنێ کە تایبەتە بەو وەرزە، مەبەست ئەو شتانە دەخۆرێنەوە کە گەرمن و بۆ ئەوەی ژوورەوەی مرۆڤ گـــەرم بکاتەوە، بە پێچەوانەش لە وەرزی هاوین شتی ســـارد دەخورێتەوە، هەرگیز نەبووە لـــە وەرزی زســـتان یەکێك بچێ (کرێمەستی ) بخوات.

ئەوەی دەبینین لـــە یەکێك لە هۆڵەکانی یاری کردن بینراوە، کە بەم زستانە ساردە نووســـراوە (ســـاردەمەنیەکانی گەرم)، لەگـــەڵ ئـــەوەی ڕێزمانی نووســـینگە هەڵەی هەیە، کەچی دەبێ (ساردەمەنی گەرم هەبێ!




## ڕێز لە پیـ

ئەگـــەر یەکێك لە ئێمە پیـــاز بخوات و بێتە نـــاو خەڵکـــەوە بەچاوێکی نا دروست سەیر دەکرێ، کەچی وادیارە لە وڵاتانی ئەوروپـــا بەپێچەوانەی چاوی ئێمەوە حـــەز بە پیاز دەکـــەن، ئەوەی دەبینین بریتییە لە فیســـتیڤاڵی پیاز لە وڵاتی سویســـرا، ساڵانە ڕۆژێکیان



## ئافەرین دادە (ئیسرا)

دادە (ئیسرا تالیب)، ئافرەتێکی بوێری دانیشتووی شاری هەولێرەو بەبێ گوێدانە کۆمەڵێك بەربەستی کۆمەڵایەتی، دەستی داوەتە کارێکی سەخت، ئەویش کارکردنیەتی لەناو جەرگەی شاری هەولێر بە فرۆشتنی هەندێ خواردن لەسەر عارەبانەیەك (دادە ئیسرا) بە گوڵانی راگەیاند، هاوسەرەکەی شەهیدەو دایکی (٤) کچی هەتیوە بۆیە لە ناچاری بژێوی ژیان دەستی داوەتە ئەم کارە و داوا دەکات یارمەتی بدرێت بۆ ئەوەی کارەکەی فراوانتر بکات یان ببێتە خاوەن دوکانێك، ئێمەش داوا دەکەین کە دوکانێکی پێشکەش بکرێ کە وەك رێزلێنانێك بۆی و بۆ ئەوەی ژیانی بەرەو باشتر بچێ، دەبێ ئەوەش بڵێن دادە ئیسرا نموونەی بوێریی ئافرەتی کوردە.

**ئامادەکردنی : رەوەند بەختیار**

## توندوتیژی دژ بە پیاوان

لەگەڵ رێزێکی تایبەت بۆ خانمان و ئافرەتانی کورد کە داوای نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەکەن، کەچی وادیارە پیاوان لە هەموو ئەو بۆنە و یادانە بێبەشن، کە بۆ ئافرەتان هەن، لەوانە: رۆژی جیهانی ئافرەتان، رۆژی دایك، توندوتیژی دژ بە ئافرەت، بڕوا بکەن دوو پیاو دەناسم لەلایەن خێزانەکانیانەوە توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێ و مەبەستم بە لێدان نییە، بەڵکو بەگوێ نەکردن و فەرامۆش کردن، ئەویش دەبێتە یەکێك لە توندوتیژی دژ بە پیاوان، منیش لێرەوە دەپرسم و دەکرێ ئەو وێنەیە وەکو بەڵگەیەك بهێنمەوە، ئەگەر پیاوێك توندوتیژی بەرانبەر بکرێ، دەبێ قوڕی کوێ بەسەری خۆی بکات!








## ...ــــاز بگرن!

تەرخان کردووە بەر لە هاتنی ساڵی تازە، ئەویش بە کردنەوەی فیستیڤاڵی پیاز لەسەر شەقامەکان، کە لەم رۆژەدا گشت ئەو شەقامانە دادەخرێن کە کراوەتە شوێنی فیستیڤاڵەکە، کە تیایدا پیاز بە چەندین رێگە و شێوە دەردەخرێ و کاری جوانکاری بۆ ئەنجام دەدەن.

# کێ نازانی بۆینباخ ببەستێ؟!



زۆرێك لەپیاوان و گەنجان نازانن ریبات ببەستن، ئێمەش لەو وێنەیە بۆتان روون دەکەیننەوە کە چۆن ریبات ببەستن، کە لە (٤) هەنگاو پێکهاتووە و دەکرێ بە شێوەیەکی سادە و ئاسان فێر ببن، بڕوا بکەن رۆژێکیان لە ئاهەنگێك بووین، هاوڕێیەکم بەڕێوەبەرە لە شوێنێك، نەیدەزانی ریباتەکەی ملی ببەستێ، ئەمەش عەیبی تێدانییە.

# ئۆباما بە منداڵی!



ئەو وێنەیەی دەیبینن، وێنەی سەرۆکی ئێستای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (باراك ئۆباما)یە کە پێش ئەوەی بچێتە وڵاتی ئەمریکا و بواری سیاسەت، ئۆباما خۆی بە رەچەڵەك خەڵکی کیشوەری ئەفریقیایە و یەکەم سەرۆکی رەش پێستە ببێتە سەرۆکی ئەمریکا.

# یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان رێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی گیاندارێکی ئاوییە بۆ دەرچێ.

ژ ڕ ق ڵ ا

وەڵامی ژمارەی پێشوو (تێری)

## نوکتە

**برنادشۆ (گەورە نووسەری ئیرلەندی) دەڵێ: نوکتە بچووکترین بەشی ئەدەبە!**


- پیاوێکی ڕەزیل ژنێک بۆ کوڕە گەورەکەی دەهێنێت. کوڕەکەی دەڵێ: بابە گیان زۆر سوپاس و مەمنون. ئەویش دەڵێ: زۆر دڵت خۆش نەبێت، ئەوە بەس بۆ خۆت نییە، هی براکانیشتە..

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**




ئەم هەفتەیە بەخت دەبێتە هاوڕێت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی ماوەیەکە چاوەڕوانی کاتێکی گونجاو دەکەی بۆ ئەنجامدانی، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە و بەدڵنیاییەوە سەرکەوتوو دەبیت.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**




ئێستا هەندێك گۆڕانکاری گرنگ لەژیانت هەستی پێدەکرێت، ئەگەر بەرنامەیەکی گرنگ پەیرەو بکەی دەتوانی زۆربەی شتەکان لەبەرژەوەندی خۆت کۆتایی پێ بهێنیت.

**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**




بیر بکەوە ئەو کەسەی خۆشت دەوێت ئامادەی هەموو شتێکە لەپێناوی تۆ دا، تۆش دەبێت زیاتر خۆشەویستی خۆتی پێببەخشیت و هیچ کاتێك دڵی نەشکێنیت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**




لەوانەیە چەند دەستکەوتێکی گرنگ بەدەست بێنیت بەتایبەتی لەلایەنی دارایی پێشبینی دەکرێت ئەم ماوەیە باری داراییت باشتر بێت و سەرەتایەکی نوێ دەست پێدەکات.

**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**



بەشێوازێکی تر سەیری ئەم رۆژانەی ژیانت بکە و ڕێگە مەدە تەنیا ناخۆشیەك هەموو خۆشیەکانت لەبیر بباتەوە. هەندێك پرۆژە کە بەنیازی ئەنجامیان بدەی بۆ کاتێکی تر دوایان بخە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**



ئەو هاوڕێیەی کە قسەی لەگەڵ ناکەیت و لێی زیز بوویت چاوەڕوانی ئەوەیە ئاشتی بکەیتەوە، دەستپێشخەری بکە بۆ کۆتایی هێنانی ئەو گرفتە و دووبارە ئاسایی بوونەوەی پێوەندی نێوانتان.

ئامادەکردنی: داریۆ

# جیاوازی وێنە!

بۆ زانینی ئاستی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند جیاوازییەك لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە





| ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ■ | | | ■ | | | | | ١ |
| | | | | ■ | | | ■ | | | | | ٢ |
| | | | ■ | | | | | ■ | | | | ٣ |
| | | ■ | | | | | | | ■ | | | ٤ |
| | ■ | | | ■ | ■ | ■ | ■ | | | ■ | | ٥ |
| | ■ | | | | | | | | | ■ | | ٦ |
| | | ■ | | | ■ | ■ | | | ■ | | | ٧ |
| | | | ■ | | | | | ■ | | | | ٨ |
| | | | ■ | | | | | ■ | | | | ٩ |
| | | | ■ | | | | | ■ | | | | ١٠ |
| | | ■ | | | | | | | ■ | | | ١١ |
| | | | | | | | | | | | | ١٢ |


## ئاسـۆیی:

١- دایكی هەمووانە- خۆر(پ)- لەسەرخۆ.
٢- شـارێكی كوردسـتانە(پ)-نیوەی وانە- جۆرە بایەكە.
٣- ئامێرێكـی مۆسـیقایە- چیایەكـی كوردستانە- پادشا(پ).
٤- ژمارەیەكی(پ)- شـاعیرێكی كوردبوو- نیوەی هودا.
٥- بەرهەمێكی شیرە(پ) وەكو یەك.
٦- كچـە گۆرانی بێژێكی كـوردی كۆچ كردووە.
٧- نیوەی خەون- روخسـار- چۆن(پ) پێش نەخۆشی.
٨- بـاغ (پ) ئاسـایی(پ) – گیـان لەبەرێكە.
٩- فۆر(ت)- پایتەختی وڵاتێكی ئەمەریكیە- شارێكی كوردستانە.
١٠- وەكو یـەك- چوارپیتی مارلیورو- دژی زۆر.
١١- نیوەی وێلـز- ئەم و مژ(پ)- خواردنی ئاژەڵە.
١٢- گۆرانی بێژێكی كوردە(پ).

## سـتوونی:


١- گۆرانی بێژێكی كوردی كۆچ كردووە.
٢- یەك(پ)- شاعیرێكی كوردبوو.
٣- جۆرە ئۆتۆمبێلێكی سەربازییە- پیتێكی E(پ)- چاندی.
٤- هەوا(پ)- جـۆرە كاتژمێرێكە(پ)- گەورە(پ).
٥- قاچ- شاعیرێكی كورد بوو(پ).
٦- پایتەختـی وڵاتێكـی ئاسـیایە(پ) سەتڵ.
٧- چیایەكـی كوردسـتانە- عێـراق پێ بەناوبانگە(پ).
٨- نەخۆشـییەكە- دورگەیەكـی ئەفریقیە(پ).
٩- وەكو یەك- كچە گۆرانی بێژێكە(پ)- پیتێكی E یە.
١٠- چوو(پ)- وەكو یەك- جۆرە جۆنێكە.
١١- جـۆرە گولێكـە(پ)- تەمسـیلی كوردییە.
١٢- گۆرانی بێژێكی كوردە(پ).

ئا: فەرهاد محەمەد ئاژگەیی




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

لاپەڕەیەكی نوێ لەنێوان خۆت و خۆشەویستەكەت دەست پێدەكات بەمەش كۆتایی بە دابڕانی نێوانتان دێت و ڕێگە مەدەن ئەو دابڕانە دووبارە ببێتەوە.




**دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

داواكاری كەسێكی نزیكت ڕەت مەكەوە و بەشداری بكە كاتێك داوات لێدەكرێت بۆ ئامادەبوون، ئەمە دەبێتە هۆی دڵخۆشی و بەختیاری ئەو كەسە و پێوەندی نێوانتان بەهێزتر دەبێت.




**كەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئێستا كاتی ئەوە هاتووە بۆ هەموو لایەك بسەلمێنی كەتوانای زۆرت هەیە، چەند كارێكی گرنگ چاوەڕوانت دەكەن ئەگەر سەركەوتوو بیت، ئەوا دەستكەوتی زۆر گەورە بەدەست دێنیت.




**گیسك ١٢/٢٢ - ١/١٩**

پێوەندیەكی ڕۆمانسی لەڕێگادایە كە وات لێدەكات چیتر هەست بەتەنیایی نەكەیت و ببیتە خاوەنی كەسێك كە بەڕاستی خۆشی بوێی، ئەمەش كاریگەری لەسەر سەرجەم بوارەكانی ژیانت دروست دەكات.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

پێوەندیەكانت لەگەڵ هاوڕێ و كەسە نزیكەكانت لەباشترین ئاست دا دەبێت. كەسێك لەكاتی پێویست دا بەهاناتەوە دێت و یارمەتیت دەدات. نامەیەكت پێدەگات لەلایەن كەسێك كە چاوەڕوانت نەدەكرد.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

وا بیرمەكەوە كە خۆشەویستەكەت ناگەڕێتەوە، ئەو ناتوانێت لەبیرت بكات بۆیە بەگەشبێنیەوە بۆ داهاتووی سۆزداریت بڕوانە. لەداهاتوویەكی نزیكدا پێویستیت بەیارمەتی هاوڕێیەكت دەبێت بۆ كارێكی زۆر گرنگ.

hemntoni@yahoo.com

## بۆ زاخـاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (ئامێدی) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەكیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیكارە بدۆزیتەوە..

ئەم خانەنانە بە پیت پڕ بكەرەوە كە لە كۆتایی ناوێكت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەكدا ناوەكە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانكاریانەی خوارەوە :

**ئاسانكاری**

- پیتی خانەكانی (١+٢) كۆ بكەیتەوە بە مانای (ئاوەڵناوی پرسە بۆ زانینی ڕووداو بەكاردەهێنرێ)
- پیتی خانەكانی (٣+٥) كۆ بكەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی تۆ)
- پیتی خانەكانی (٥+٤) كۆبكەیتەوە بە مانای (نەخێر بە زمانێكی دیكە – زمانی هەولێری)
- پیتی خانەكانی (٥+٢+٣+٤) كۆ بكەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی هەمە)

